# ئوله هوڤمان ( Ulla Hoffman )

## دۆستی کوردان بە سەرۆك حزبی چەپ هەڵبژێردرا. .

ئامادەکردنی لە سویدیەوە:
شـــــێرزاد هــــــەینی
**Heinisherzad@hotmail.com**

ئوله هۆڤمان، دۆستی کوردان بە سەرۆکی یەکەمی پارتی چەپی سوید هەڵدەبژێردرێت، رۆژی هەینی کاتژمێری چواری ئێوارە خاتوو هۆڤمان تەمەن ٦٠ساڵ بە هاوبەشی لەگەڵ خاتوون

( Ingrid urmanB ئینگرید بورمان) بۆ ماوەی ساڵێك تا وادەی هەڵبژاردن دێت، بوە سەرۆکی حزبەکە، وەك کەسی یەکەم، کەوا بریارە لە ١٩ ـ ٢٢ فبرایری ٢٠٠٤ کۆنگرەی گشتی حزب ئەنجام بدرێت تێدا سەرۆکی دائیمی بۆ حزبەکە هەڵبژێردێت.

ئەوە دانانەش پاش ئەوە هات کەوا سەرۆکی دێرینی حزبەکە خاتوو گودرون شیمان

( Gudrun Schman )

کە دەساڵ سەرۆکایەتی حزبەکەی دەکرد، ئەو حزبە لە پەرلەمان و حکومەتە.

لەلایەن دەزگای داهاتی باجی دەڤەری شاری مالمۆی حکومی چەند فاتوورەی سەفەری لەسەر حیسابی حزب و پەرلەمان لەناو ولات و لە دەرەوە سەرفکردبوو، ئەوەش پێشێلی بەندەو دەستووری باوی باجی ولاتەو ناکرێ فێلی لێ بکرێت، پارەکەش بۆ ساڵی ٢٠٠١ بوەو بەهاکەشی زۆرتر لە ١٢٠ هەزار کرۆن بووە، ئەوە هەڵەو فێڵکردن لە بودجەی حکومەت و باجا دوو ساڵ بەندی بەدواوەیە.

بۆیە پێش کاتی خۆی و پێش چاوەروانی کۆنگرەی حزب کەوا لە کۆنگرەکەدا، دەبوو دەست لەکاربکێشێتەوە، بەڵام لەبەر میدیاو فێڵکردن لە باج و سەرفکردنی پارەی حکومەت و حزب بە زۆری لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، ( گودرون شیمان) سەرۆکی حزب وازی هێنا، پاش ١٣ رۆژ دانوستان و چاوەروانی ئەوا هۆڤمانی ئەندامی پەرلەمان بووە سەرۆکی حزبەکە، بەڵام خاتوونێکی تریش هاوکاریەتی. ئەوەی شایانی باسە، هۆڤمان ئەو ژنە هەر لە ساڵی ١٩٩٤وە ئەندام پەرلەمانەو یەکێکە لە بزاڤی فێمستی دەوری هەبووە.

هۆڤمان بەسەردان چووتە کوردستانی باشوورو مێوانی حکومەت و میللەتی کوردبووە، لە رۆژی کردنەوەی پەرلەمانی ولاتی سویدا، ئەو بە جلی ژنانەی کوردی و ئالای کوردستان لەدەست بەشداری کردنەوەی پەرلەومان بووە، ئەوەشی بەشانازی زانی و لە دەزگاکانی میدیای کوردیشەوە باسیان کرد. منیش بۆ ناسین و خەباتی ئەو بۆ چاککردنی رەوشی ژنانی کورد، بە وەرگرتنی رای رۆژنامەی ( هاولاتی) چەند پرسیارم بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئیمیل کرد، ئەگەرچی ئەو سەرقالی کردنەوەی پەرلەمان بوو، بەڵام وەڵامەکانی هاولاتی بە سینگ فروانیەوە وەڵام دایەوەو پاڵپشتی بۆ خەباتی ژنان دوویاتکردووە.

بۆیە من ئەو ژنە چەپرەوە بە دۆستی کورد دەزانم، هیوام زۆرە لە رەوشەکان، لە پێشهاتە سیاسیەکان و لە هاوکاری خەباتی ژنان هاوکاری بەردەوام بێت. کوردانیش، بە رۆژنامەنووس و نوێنەری حزبەکان و کۆمەلەکان بە دۆستی کوردانی بناسن، بەوەش ئەو سەرۆك حزبەی ناو حکومەت و پەرلەمانی سوید دەنگی هەیەو دەتوانێ لە میدیاو پەرلەمانی ئەورووپی و لە چەندین بواردا هاوکێشەکان لە مافی رەوای میللەتەکەمان هاوسەنگ بکات.

ئەوەی ماوە بلێین، سەرۆکی پێشووی حزبی چەپ، لە ساڵانی رابردووش بە تومەتی ئەوەی بەسەرخۆشی و خواردنەوەی زۆری مەشرۆب هەرەشەی زۆری لەسەربوو، هیچی بۆ نەبوو.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

بەڵام ئەمجارەیان کە دەزگای پێداچوونەوەی باج و زکات، فاتوورەو قائیمەکانی سەفەرو نانخواردن و پارەی تاکسی لەماڵەوە بۆ فرۆکەخانەو داوەتێکی نان خواردن لە پاریسی لەسەر بووە ماڵ و رۆژنامەکان زۆریان لەسەر نووسی، بەناچاری وازی لە سەرۆکی حزب هێنا.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نوسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت